# خۆپێشاندان لە نۆرویژ

کاتژمێر (دووی) پاشنیوەڕۆی ڕۆژی هەینیی ٢٠١٠/٥/١٤ بە سەرپەرشتییکردنی (کومیتەی هاوبەشی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نۆرویژ) و بە بەشداریی ژمارەیەکی زۆر لە حیزب و ڕێکخراوی سیاسیی و مەدەنیی کوردستانیی و ژمارەیەکی زۆر لە کوردانی تاراوگە لە نۆرویژ خۆپیشاندانێکی جەماوەریی بەرفراوان لە شاری (ئۆسلۆ)ی پێتەختی ئەو وڵاتە بەڕێوەچوو. ئەو خۆپیشاندانە جەماوەرییە بە مەبەستی مەحکوومکردنی تاوانی ئیعدامکردنی پۆلێک ڕۆڵەی ئازادییخوازی کورد، واتە شەهیدان: عەلی حەیدەرییان، شیرین عەلەمهولیی، فەرزاد کەمانگەر، فەرهاد وەکیلیی و مەهدی ئیسلامییان، کە ڕۆژی یەکشەممە ٢٠١٠/٥/٩ لەلایەن کاربەدەستە دڕندەخووەکانی ڕژیمی دیکتاتۆر و مرۆڤکوژی ئێرانەوە لە سێدارە درابوون، هەروەها بۆ پشتیوانییکردن لە مانگرتنی سەرتاسەریی خەڵکی خۆڕاگری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڕێوەچوو.

خۆپیشاندەران کە ژمارەیان دەگەیشتە سەدان کەس، سەرەتا لەبەردەم پارلمانی نۆرویژ کۆبوونەوە، دواتر بە بەرزکردنەوەی چەندین ئاڵای کوردستان و ژمارەیەکی بەرچاو دروشمی سیاسیی بە زمانی نۆرویژیی، بە شێوەیەکی هێمنانە بەرەو وەزارەتی دەرەوەی نۆرویژ ڕۆیشتن و، کاتژمێر دوو و نیو لە گۆڕەپانی بەردەم وەزارەت کۆبوونەوە.

بە کۆبوونەوە لە بەردەم وەزارەتی دەرەوە بەرنامەکانی خۆپێشاندانەکە بەم شێوەیە دەستپێکرد:

سەرەتا لەلایەن بەڕێوەبەرەکانەوە بە هەردوو زمانی کوردیی و نۆرویژیی بەخێرهاتنی ئامادەبووان کرا. پاشان بە خوێندەنەوەی سروودی (ئەی شەهیدان) و خولەکێک ڕاوەستان بە بێدەنگیی بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی کوردستان، بەرنامەکان دەستیان پێکرد.

دوای ئەوە چەندین پەیام و وتە و شێعر و پەخشان خوێندرانەوە کە بەم شێوەیە بوون:

– پەیامی (کومیتەی هاوبەشی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نۆرویژ) بە زمانی کوردیی لەلایەن کاک سەلاح سوڵتانپەنا، بەرپرسی دەورەیی کۆمیتەکە.

– پەیامی (کومیتەی هاوبەشی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان) بە زمانی نۆرویژیی، لەلایەن خوشکە تروسکە ئوستادیی.

– هۆنراوەیەک لەلایەن کاک حوسێن شەبەق

– پەیامی حیزبی سوسیالیستی چەپی نۆرویژ ( واتە ئێس. ڤێ)

– پەیامی ناوەندی ڕێکخراوە پیشەیی و زانستییەکانی نۆرویژ، ناسراو بە (لەیبور ستارت) لەلایەن کاک باقی تالیبولعیلم

– پەیامی (چاودێری کوردۆساید) لەلایەن کاک ڕەفیق

– بروسکەی هەریەک لە: کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران و پارتی ئازادیی کوردستان

– پەیامی حیزبی شیوعیی کوردستان لەلایەن کاک دڵشاد

– وتەیەک لەلایەن کاک جەعفەر حامیدیی

– پەیامی کەمپینی بەجیهانییکردنی ژینۆساید دژ بە گەلی کورد

– پەیامی ئەنجومەنی بزوتنەوەی گۆڕان لە نۆرویژ لەلایەن کاک سەرچل شێخ حوسێن
– پەیامی ناوەندی دژە ڕەگەزپەرستیی، واتە (ئێس. ئۆ. ئێس راسیسمە)، لەلایەن کاک کەریم ئەڵڵاوەیسیی
– دەردەدڵێک لەلایەن پێشمەرگەی دێرین کاک عەبدوڵڵا

شایانی ئاماژەیە کە لە ناواخنی بەرنامەکەدا بەردەوام بە هەردوو زمانی کوردیی و نۆرویژیی بە دەنگی بەرز چەندین دروشم لەلایەن خۆپێشاندەرانەوە دەگوترانەوە. هەروەها ڕاگەیەندراوێک کە بە زمانی نۆرویژیی نووسرابوو و تێیدا باس لە ئامانجی خۆپێشاندانەکە و جینایەتەکانی ڕێژیمی کۆماری بەناو ئیسلامیی ئێران کرابوو، بەسەر سەدان کەس لەو نۆرویژییانەی بە نزیک شوێنی خۆپێشاندانەکەدا تێدەپەڕین، بڵاوکرانەوە.

لە کۆتایی خۆپێشاندانەکەدا لیژنەی پێکهێنەر و هەڵسووڕێنەری خۆپێشاندانەکە بە نوێنەرایەتی هەموو خۆپێشاندەران و بە ئیمزای هەموو حیزب و ڕێکخراوەکانی بەشدار لەو کۆبوونەوە جەماوەرییەدا، نارەزایەتییینامەیەکیان ئاراستەی وەزارەتی دەرەوەی دەوڵەتی نۆرویژ کرد کە تێیدا داوا کرابوو دەوڵەتی نۆرویژ ئیعدامی نامرۆڤانەی ئەو پێنج تێکۆشەرە ئازادییخوازە مەحکووم بکا و چاو بە پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ڕژیمی دیکتاتۆر و دژەئازادیی ئێراندا بخشێنێتەوە.

جێگەی ئاماژەیە کە لەسەر داوای (کومیتەی هاوبەشی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان)، جگە لە ئاڵای کوردستان, ئاڵا و ڕەمزی هیچ حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسیی و مەدەنیی لەو خۆپێشاندانەدا بەرزنەکرایەوە.

کومیتەی هاوبەشی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نۆرویژ

پێکهاتوو لە:

ڕێکخراوی خەبات،ی شۆڕشگێڕی کوردستان
پارتی سەربەخۆیی کوردستان
حیزبی دێموکڕاتی کوردستان
کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان
بزووتنەوەی دێموکراتیکی پارسان
کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان
پارتی سەربەستیی کوردستان